# پـــــارێزگای سلێمانی

**كۆدی پرۆژە** G. [ SUL. 3248 ] **ساڵی** 2022

**کەمکردنەوەی نهێنی / بانگهێشتی (کراوە)**

## بۆ پرۆژەی:- (گواستنەوەو داگرتنی ( خۆراك + برنج )بۆ ناو شاری سلێمانی کە پێکهاتووە لەم کۆدو شوێنانە

**( 261 ) شەهیدانی ئازادی ،ئازادی یەککرتوو، عەلی کمال، هەوارە بەرزە، گۆیژەی تازە 2، توی مەلیك 7 ،( 262 ) ابراهیم پاشا ،ابراهیم احمد، ئازادی 2، مامەیارە، مەلکەندی، گۆیژەی تازە1، توی مەلیك2،( 263 ) ئیسکان، مەجیدبەگی 1، مەجید بەگی 2، هەواری تازە ،سلێمانی تازە، توی مەلیکی 1، توی مەلیکی3، ( 264 ) کارێزە وشك، مامۆستایان، ئاشتی، کەنەکن ( 265 ) زەرگەتە، زەرگەتەی کۆن، شەهیدانی زەرگەتە، شێخ قادری چوێسە، بەرانان، ڕازاوە، کورد سات، ( 266 ) کانی ئاسکان ،مەلکەندی 1، شێخان، گۆیژەی کۆن، شێخ محێدین 1، شۆڕش ،کارەبای 1، کارەبای 2، ( 267 ) خەبات، حاجی ئاوا، هومەرمکوێر، سەیوان، دەرگەزێن، زێرینۆك، محمد مستەفا، ( 268 ) سەرشەقام، چوارباخ، شارەوانی، شێخ فتاح ،شێخ عەباس، وڵوبە، جولەکان، چوارچرا، کەنەسورە، کانی گۆمە، قەرەتۆغان، ( 269 ) بەختیاری، ڕزگاری ،کارگەی جگەرە، ئاسایش، ئابلاغ، سەربەرزی، پیرشێخ ،شێخ محێدین 2 ، ( 270 ) سەرچنار، شەهیدانی سەرچنار، گردی سەرچنار ،قلیاسان، کارگەی شەکر ،بەکرەجۆ، تاسلۆجە، ڕا پەڕین، عەواڵ، کۆسەی چەم، کانی کوردە، کانی سپیکە، ئاوبارە، تافگە، فەرمانبەران، هەواری شار، معسکر سلام، قولەرەیسی، ( 291 ) ئاوارەی هەوێتر ناو سلێمانی.**

**پـــــارێزگای سلێمانی** بانگهێشتی کراوە بۆ سەرجەم کۆمپانیا کان دەکات کە ئارەزووی بەشداری کردنیان هەیە بۆ ئەم کەمکردنەوە نهێنییە، سەردانی بینای پـــــارێزگای سلێمانی (کاروباری هونەری/ ب.گرێ بەستەکان/ فرۆشتنی تەندەر) بکات لە نهۆمی زەمینی، بە مەبەستی وەرگرتنی تەندەر بەرامبـــەر ( 200.000 ) دووسەد هەزار دیناری عێراقی کە ناگەڕێتەوە بۆ کۆمپانیا . کرێی بڵاوکردنەوەی ئاگاداری ئەم بانگەوازە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کۆمپانیایەی کە پرۆژەکەی بۆ ئەسپاردە دەکرێت .

1- فرۆشتنی تەندەر لە ڕۆژی ( 1 /2/2022 ) دەست پێ دەکات تا ڕۆژی ( 2022/2/14 ) لەکاتژمێر ( 9 ) ی سەر لە بەیانی تا کاتژمێر ( 12:00 )ی نیوەڕۆ .

2- ڕۆژانی گەڕاندنەوەی تەندەر بەردەوام دەبێت تا ( 2022/2/17 ) کاتژمێر ( 10:00 ) ی پێش نیوەڕۆ دەبێت .

3- ڕۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر لە هەمان ڕۆژی ( 2022/2/17 )دەبێت دوای داخستنی صندوقی تەندەر کاتژمێر ( 10 ) ی پێش نیوەڕۆ .

4- ئەگەر ڕۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر بوو بە پشوی ڕەسمی بە هەر هۆیەکەوە بێت، ئەوا یەکەم ڕۆژی دەوامی دوای پشوەکە دەبێتە ڕۆژی کردنەوەی تەندەر.

5- هیچ تەندەرێك لە دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێت و صندوقی تەندەر دادەخرێت.

6-ماوەی جێبەجێکردنی پرۆژەکە بریتیە لە : لە ڕۆژی دەست بەکاربوونی پرۆژەوە تاوەکو 2022/12/31 .

7- پێویستە لەسەر کۆمپانیا پابەندی ڕێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستە گشتیەکان ژ ( 2 ) ی ساڵی ( 2016 ) بێت.

8- پێویستە کۆمپانیا وێنەیەك لەئەستۆ پاکی باجی دەرامەت بهێنن بۆ ساڵی 2022.

9- پێویستە بەڕێوەبەری ڕێگە پێدراوی کۆمپانیا واژۆ بکات یان کەسێکی ڕێگە پێدراو ( تخویل ) بەنوسراوی فەرمی دیاری بکات .

10- پێویستە کۆمپانیا وێنەیەك لە پشتگیری بەڕێوەبەرایەتی تۆماری کۆمپانیاکانی سلێمانی کرابن بۆ ساڵی 2022.

11- پێویستە کۆمپانیا بڕیاری ڕەزامەندی دامەزراندنی کۆمپانیا پێشکەش بکات کە هاوپشکەکانی کۆمپانیای تێدا دیاری کراوە.

12- بارمتەی سەرەتایی / بەڵێننامەی نوسراو بۆ دەستەبەرکردنی تەندەر .

13- پێویستەلەسەر کۆمپانیا سیولەی نقدی بە بڕی ( 100.000.000 ) سەد ملیۆن دیناری عێراقی یان تسهیلات الائتمانی بهێنێت لەگەڵ گەڕانەوەی تەندەرەکەدا بە پێچەوانەوە تەندەرەکەی دوور دەخرێتەوە.

14- مەرج نییە پرۆژەکە بۆ کەمترین نرخ ئەسپاردە بکرێت .

15- ماوەی بەسەرچوونی تەندەر ( 90 ) ڕۆژە لەدوای بەرواری داخستنی صندوقی گەڕاندنەوەی تەندەر.

16- دوای داخستنی صندوقی تەندەر هیچ نامەیەکی خۆپارێزی ( تحفظ ) کاری لەسەرناکرێت و ڕەت دەکرێتەوە.

17- پارێزگای سلیمانی مافی هەڵوەشاندنەوەی پرۆسەی تەندەری هەیە پێش دەرچونی نوسراوی سپاردن .

18- پێویستە کۆمپانیا ئامادەی کردنەوەی تەندەر بێت یان نوێنەرێك بە نووسراوی فەرمی دیاری بکات و ئەگەر ئامادەش نەبێت پرۆسەی کردنەوەی تەندەر بەردەوام دەبێت .

19- پێویستە کۆمپانیا لە کاتی نەگەڕاندنەوەی تەندەر نامەی لێبوردن ( اعتذار ) پێش کەش بکات وە تیایدا هۆکاری نەگەڕاندنەوەی تەندەرەکە دیاری بکات .

20- پێوستە کۆمپانیا لە کاتی گەڕاندنەوەی تەندەر ئیمەیڵ ( email ) و ژمارەی تەلەفۆنی تایبەت بەخۆی پێشکەش بکات .

21- کۆمپانیا بۆ هەر پرسیارو ڕوونکردنەوەیەك لەسەر دەرخستەی پرۆژەکە دەتوانێت سەردانی بەڕێوەبەرایەتی بازرگانی کەل و پەلی خۆراك/ سلێمانی بکات.

22-کۆمپانیا بۆ هەر پرسیارو ڕوونکردنەوەیەك لەسەر بەڵگەنامەکانی ستاندەردی ئەم پرۆژەیە سەردانی بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان /بەشی چاودێری و ڕاهێنان و کاروباری تەندەر بکات .

**((مەرجەکانی بەشداری کردن))**

1- - ئەو کۆمپانیا ناوخۆییانەی بەشداری دەکەن پێویستە بڕوانامەی دامەزراندنی کۆمپانیا یان لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەبێت و مۆڵەتی گواستەوەیان هەبێت لەوەزارەتی گواستنەوەو گەیاندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ماوەی بەسەر نەچوبێت وکاری هاوشێوەی هەبێت.

2- ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرە نیشتمانیانەی کە لە دەرەوەی هەرێمن پێویستە دامەزراو بن بە پێی یاسا لەناو عێراقدا و لەفەرمانگەی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان لەوەزارەتی بازرگانی – حکومەتی ئیتحادی و /یان لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان لەهەرێمی کوردستان کە بەشێوەیەکی بنەمایی ( اصولی )تۆمار کرابن وکاری هاوشێوەی هەبێت.

**تێبینی :**

1-کۆمپانیا پێش کرینی تەندەر بۆی هەیە سەیری بەڵگەنامەکانی تەندەر بکات .

2-بودجەی پرۆژەکە لەسەر بودجەی ( وەزارەتی دارایی و ئابوری ) ە بۆ ساڵی 2022.

**ئەحمەد عەلی ئەحمەد**

**جێگری پارێزگاری سلێمانی**

2022/1/31

**وێنەیەك بۆ**

- وەزارەتی دارایی و ئابووری / ب گشتی ژمێریاری/ گە نجینەی 2/ سلێمانی /بۆ ئامادەبونی نوێنەرتان لە کاتی کردنەوەی تەندەر، هەروەها لە کاتی شیکردنەوەو سپاردن.
- بەڕێوەبەرایەتی بازرگانی کەل و پەلی خۆراك/ سلێمانی /بۆ ئامادەبونی نوێنەرتان لە کاتی کردنەوەی تەندەر / هەروەها لە کاتی شیکردنەوەو هەڵسەنگاندن .
- بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان /کاروباری دارایی/فرۆشتنی تەندەر بۆ کاری پێویست.
- بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان / کاروباری یاسا / کاروباری تەکنەلۆجیای زانیاری بۆ ئاگادارێتان.
- یەکێتی بەڵێندەران/ بۆ ئاگاداریتان.
- ماڵپەری www.slemani.gov.krd / پارێزگای سلێمانی بۆکاری بڵاوکردنەوەی .
- بۆ وەرگرتنی زانیاری زیاتر لەسەر تەندەری پرۆژەکە پەیوەندی بە ژمارە تەلەفۆنی ( 0533193973 ) وە بکەن لە پارێزگا / کاروباری تەندەر .

| ئە. ئامادەکردنی تەندەر | ئە. چێکی تەندەر | ل.کاروباری تەندەر | بەڕێوەبەری گرێبەستەکان |
|---|---|---|---|
| 2022/1/30 | 2022/1/30 | 2022/1/31 | 2022/1/31 |